وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ تەندەری ژمارە (1) بۆ دابین کردنی ماسك و جێل معقم

ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دابین کردنی (ماسک و جێل معقم) هەیە بۆ قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی گشتی نهێنی، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیەو تایبەتمەندە لەم بوارەدا با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەت بکات بەمەبەستی کڕینی تەندەر کە لە ڕۆژی(چوارشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/٣) تاوەکو (٢٠٢١/٣/١٤) و نرخی هەر تەندەرێك (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار دەبێت و ئەم بڕە پارەیەش گەڕانەوەی نییە بۆ خاوەنەکەی.

دوا کات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/١٦) کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت و ڕۆژی کردنەوەی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت، لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

- مەرجەکان:-

١. کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٢. بارمتەی سەرەتایی بە بڕی (٢%)ی گۆژمەی پێشکەش کراو بەچەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامە (خطاب ضمان) یان (کفالة مصرفية ضامنة) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت وە بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.
٣. ماوەی تەندەرەکان (مدة نفاذ العطاءات) (٦٠) شەست ڕۆژە و لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.
٤. پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو ئەستۆپاکی نوێی باجی دەرامەت بۆ ساڵی (٢٠٢١) پێشکەش بکات لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر، بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.

مەریوان بەگۆک عەزیز
بەڕێوەبەری گشتی دیوان

وێنەیەك بۆ:
- بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن
- بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاری
- لیژنەی کردنەوەی تەندەر
- لیژنەی شیکردنەوەی تەندەر

} بۆ کاری پێویست

- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان لەگەڵ بەراییەکان.